# حەوت برا بون بە بێ لێوەکە شمشاڵیان لێ ئەدا

**بەڕێز باساکی**

پاش ئەوەی تاریق عەزیزی جێگری سەرکۆماری عیراق لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی (mbc) بە ڕاشکاوی پەردەی لەسەر ئەو ڕاستیە هەڵماڵی کە ینك لە ڕێگەی جلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیەوە داوای هاریکاری سەربازی سوپای عیراقی کردوە بە مەبەستی لێدانی گروپی پشتیوانانی ئیسلام، لەهەمان دیداردا ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا خودی تاڵەبانی باش گوێی لە م قسانەیە !!، من نامەوێ وەك لایەنگرانی ینك خۆم بخەڵەتێنم و بڵێم ئاوها هەڵوێستێك هەرگیز لە ینك ناوەشێتەوە بە پێچەوانەوە وا هەست ئەکەم پارتە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان زۆر لەوە دەستەمۆ ترن و لە هەمو کاتێکدا ئامادەی سازشن لەگەڵ دوژمنانی کورددا لە کاتێکدا ئەگەر دەیەکی ئەوە تەنازولاتیان بۆ یەکدی بکردایە بەر بە شەڕی ناوخۆ دەگیرا.

ساڵی ١٩٩٦ کاتێك پدك دژی ینك داوای هاوکاری سوپایی ڕژێمی عیراقی کرد لە گرتنی هەولێردا، ئەوە هەر تاریق عزیز بوو ئەو نامەیەی ئاشکرا کرد کە بارزانی سەرۆکی پدك ئاڕاستەی صدامی کردبوو، ئەگەرچی ئەو نامەیە مایەی شورەیی هەمو کوردێك بو کە هەست بە ئینتیما بۆ ئەم خاکە بکات بەڵام ڕێگایەك نەمایەوە بۆ سەرانی پدك بۆ بە درۆخستنەوەی بەتایبەتیش کە لە ڕێگەی شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە هەمو کەس دەبابەکانی ڕژێمی بینی لە ناو هەولێردا.

ئەمڕۆش ینك بە هەمان قەیرانی پێشوی پدك دا ئەڕوات لە کاتێکدا قسەو باسێکی زۆر هەیە لە سەر ئەگەری هاتنی قصی کوڕی دیکتاتۆردا بۆ سلێمانی لە جەژنی قوربانی پارەوە بەڵام بە ڕەسمی دەزگا ئیعلامیەکانی ینك هیچیان سەبارەت بەو پەیوەندیە ڕانەگەیاند.

ئێستاش کە ڕژێم خۆی باسی جۆرێك لە پەیوەندی ئەکات لەگەڵ ینك ئەوان بەرپەرچ نادەنەوە، تاکە کەسێك لەناو ینگ ڕایگەیاند کە ئەو هەواڵە دوورە لە ڕاستیەوە لەتیف ڕەشیدی نوێنەری ینك بو لە لەندەن، لە کاتێکدا ئەم بەڕێزە دوور لە کوردستان ئەژی و دەبوایە مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی ناڕاستی ئەم هەواڵەی ڕاگەیاندبا لە هەمان کاتدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە نە کاك لەتیف و نە نوێنەرەکانی دی ینك لە دەرەوە مافی لێدوان (تصریح) دانیان نیە و ئەو مافە بە ڕەسمی و بەر لە مانگێك زیاتر لە لایەن سکرتێری گشتی ینك لێیان سەندراوەتەوە.

ماوەتەوە بڵێم دەبوایە لە نێو ئەو هەمەو بەرپرسەی ینك کەسێك نەبو لە کاك لەتیفی (بێ لێو) شمشاڵەکە باشتر بژەنێ ؟ ، کورد ڕاستی وتوە کە دەڵێت (حەوت برا بون بە بێ لێوەکە شمشاڵیان لێئەدا).